فایل

# بنەما کانی مارکسیزم

هاتف ئەعرەجی

مارکسیزم بیروباوەڕێکی ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتییە کەفەیلەسوف کارل مارکسو هاوڕێی، فردریك ئەنگلس، بنەماکانیان داناوەو لەمانیفێستی کۆمۆنستیدا هێڵە گشتییەکانیان داڕشتو پاشان بەتێروتەسەلی راڤەیان کردو لەئاکامدا بوو بەئایدیۆلۆژیایەکی گشتیو بوە هۆی پشت پێ بەستنی چەندەها رژێم لەجیهاندا لەڕوی بیروباوەڕو تیۆرییەوە.

بەمارکسیزم دەگوترێت سۆسیالیزمی زانستیی شۆڕشگێڕانە چونکە مارکسیزم بیروباوەڕێکی شۆڕشگێڕانەیەو ئامانجەکەی نەهێشتنی سیستمی سەرمایەداریو سیستمی چینایەتییەو هەوڵ دەدا هۆکانی بەرهەم هێنان موڵکی دەوڵەت بن.

وەك مارکس دەڵێ مێژوی کۆمەڵگاکان مێژوی ململانێی نێوان چینەکانە کەهەر یەکێکیان هەوڵ دەدا ئەوی تر تێك بشکێنێو لەئاکامدا ململانێو کێشمەکێش لەنێوانیاندا سەر هەڵدەداتو لەکۆتاییدا چینە چەوسێنەرەکە دەڕوخێو چینەکەی تر سەر دەکەوێ. ئەم ململانێیەش هەر درێژە دەکێشێ تا ئەو کاتەی کەکۆمەڵگایەکی بێ چین پەیدا دەبێت.

مارکسیزم بۆیە بەسۆسیالیزمێکی زانستی دەژمێردرێ چونکە زادەی خوێندنەوەیەکی وردە بۆ سیستمە کۆمەڵایەتیو ئابوریو سیاسییە باوەکانی ئەو سەردەمەو بەهۆی ئەمەوە لەسۆسیالیزمی یۆتۆپیاییی پێشوو جیا دەکرێتەوە.

هەروەها مارکسیزم بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەیە چونکە شێوازی کارکردنی گشتیی کەبانگەشەی بۆ دەکا شێوازێکی شۆڕشگێڕانەیەو بەم تایبەتمەندییە لەسۆسیالیزمی ریفۆرمخوازو میانڕەو جیا دەبێتەوە. مارکس وتویە ((ئامانجی کۆتاییمان دۆزینەوەی یاسای ئابوریی کۆمەڵگای مۆدێرنە))[١]. مارکس ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەسیستمی دەرەبەگایەتی لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کەئاغا دەرەبەگەکان سود لەرەنجو کۆششی جوتیارەکان وەرگرنو بیانچەوسێننەوە.

بەڵام لەسەردەمی پیشەسازیی میکانیدا چینی بورژوازی لەخاوەن سەرمایەکانی بواری پیشەسازیو بازرگانی دروست بوو و توانی چینی دەرەبەگەکان لەناو بەرێت.

چینە سەرمایەدارە تازەکە کەوتە سود وەرگرتن لەرەنجو کۆششی چینی رەنجدەرە کرێکارەکان لەرێی دەسگرتن بەسەر زێدەباییداو ئەمەش بوە هۆی تەقینەوەی ململانێی نێوان هەردو چین کەیەکێکیان بەژمارە کەم بوو، ئەوی دیکەش بەژمارە زۆر بوو.

ئاکامی ململانێکە بەلای مارکسەوە زۆر رونو ئاشکرا بوو چونکە رەوتی چینایەتیی سەرمایەداری بەو سەرەنجامە دەگات کەپارەو پولو ئامرازەکانی بەرهەم هێنان بکەونە دەست ژمارەیەکی کەمی تاکەکان کەئەمانەش تا دێ ژمارەیان کەمتر دەبێ، لەکاتێکدا ژمارەی تاکەکانی چینی رەنجدەران تا دێ زێدەتر دەبێتو سەرمایەدارەکانیش تا دێ چەوسێنەرتر دەبنو رەنجدەرانیش هەژارتر. تا لەکۆتاییدا چینی رەنجدەر دەتوانێ بورژوازیو سەرمایەدارەکان لەناو ببات، ئەویش لەرێی یەکگرتنی کرێکارانو هەڵسورانی شۆڕشگێڕانەو زەبردارەوە کە بەئاکامێکی خێراو مسۆگەر دەگات[٢].

کەواتە مارکسیزم ستراکتۆرێکی فەلسەفیی گشتلاییی هەیەو لەچەند لایەنێك پێکدێت لەوانە لایەنی ئابوریو لایەنی سیاسی.

لەلایەنی ئابوریدا هەوڵی دەرخستنی شێوازەکانی چەوسانەوەی ئابوری دەدرێ لەسەردەمی مارکس کەئەمەش هانی داوە بانگەواز بۆ نەهێشتنی خاوەنێتیی تایبەتی تو خمەکانی بەرهەم هێنان بڵاو بکاتەوەو بانگەشە بۆ خاوەنێتیی بەکۆمەڵ بکات.

لەلایەنی سیاسیدا زیاتر جەخت کراوەتە سەر پێویستیی گۆڕانی کۆمەڵ بەهۆی پەرەسەندنی ناکۆکییەکانی ناو سیستمی سەرمایەدارییەوە بەچەشنێك کەئەم ناکۆکییانە پرۆلیتاریا هاندەدەن دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرێو پەیامی خۆی کەبریتیە لەنەهێشتنی چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە جێبەجێ بکات.

بەپێکەوە گرێدانی لایەنی ئابوریو لایەنی سیاسی دەبینین مارکسیزم وای بۆ چوە کەئابوری، بەتایبەتی ئابوریی بەرهەمهێن، ئەو لایەنەیە کە لەقۆناغێکی دیاریکراوی مێژودا چارەنوسی پرۆسەی کۆمەڵایەتیو سیاسیو یاسایی دیاری دەکاتو لەم نۆڕینەوە دۆخی سیاسی هەر کۆمەڵگایەك بەپێی شێوازی ئەو بەرهەم هێنانە دادەڕێژرێ کە لەو قۆناغەدا باوە[٣].

مارکسیزم لەبنچینەدا دەچێتەوە سەر مارکسو ئەنگلس، ئەم دوو کەسە بەسەرچاوەی سەرەکیو راستەوخۆی ئەم بیروباوەڕە دادەندرێن[٤]. بەڵام لێکۆڵیارانی بواری مارکسیزم وا راهاتون کەئەم بابەتە لەڕوانگەی ئەو رێبازە فیکرییانەوە تاوتوێ بکەن کەهەردو دامەزرێنەری مارکسیزم کردویانە بەرێ نیشاندەرو ئیلهامبەخشی خۆیانو لەم بارەیەوە لینین وەها باسی ئەم بابەتەی کردوە[٥]: ((مارکسیزم میراتگری شەرعیی چاکترین ئەو بیروباوەڕانەیە کەمرۆڤایەتی لەسەدەی نۆزدەهەمدا دایهێناوە، واتە فەلسەفەی ئەڵمانیو ئابوریی ئینگلیزیو سۆسیالیزمی فەرەنسی)). هەندێ کەسی دیکە وای بۆ چون کەفەلسەفەی رۆسۆش بەیەکێك لەسەرچاوە سەرەکییەکانی مارکسیزم

دادەنرێ، تەنانەت هەندێکی تر دورتر دەڕۆنو وای دادەنێن کەمارکسیزم سەرچاوەی قوڵتری هەیەو دەگەڕێتەوە بۆ سەر هەندێ ڕێبازو بیروباوەڕی رۆژهەلاتییانەی وەك سۆسیالیزمی قرمەتییەکانو دیالەکتیکی ئیبن روشدو ماتریالیزمی ئیبن خەلدونو میتۆدە کۆمەلایەتییەکەی.

١-فەلسەفەی ئەڵمانی:

فەیلەسوفی ئەڵمانی هیگل زۆرترین کاریگەریی فیکریی لەسەر بیری مارکسو ئەنگڵسی هاوڕێی هەبوو، بەتایبەتی لەڕوی لۆجیکی دیالەکتیکەوەو لەڕوی تاوتوێ کردنی مێژوو لەسەر بناغەی دژەکان. بەم پێیە، پەرەسەندن زنجیرەیەکی نەپساوەیە کە شتی تازەی پێ دێتە دیو شتی کۆنی پێ لەناو دەچێو بزوتنەوەی روکەشیش زادەی کۆبونەوەی دژەکانە[٦].

مارکس لەسەر ئەم فەلسەفەیە رۆیيو لەسەر ئابوریو سیاسەت پراکتیزەی کردو دەری خست کەئابوری کاریگەریی زۆری لەسەر سیاسەت هەیەو لەئاکامدا وەهای بۆ چوو کەهەر گۆڕانێك لەخودی ماددەو ئابوریدا روودەدات گۆڕانی سیاسی بەدوادا دێو لەم روەوە هەستی دەرونیو چالاکیی فیکری زادەی گۆڕانی ئامێری بەرهەم هێنانە چونکە مادده لەسەر ئاستی کۆمەلایەتی لەبواری ئابوریدا گوزارشت لەخۆی دەکاتو بەم پێیە، دیالەکتیکی هیگل هەم بایەخی بەبیر دەدا هەم بەروح، لەکاتێکدا دیالەکتیکی مارکس زیاتر لەسەر بنەمای ئابوریو مادده دامەزرا بوو. بەم پێودانگە، مارکس وای دانا کە لەناوچونی کۆمەڵگای سەرمایەدار شتێکی حەتمییە چونکە ئەم کۆمەڵگایە هۆکانی لەناوچونی خۆی لەناخدایە[٧].

لەم روەوە بۆچونەکانی فەیلەسوفی ئەڵمان فیۆرباخ (١٨٠٤-١٨٧٢) کاریگەریی گرنگی لەسەر ماتریالیزمی مارکس هەبوو ئەویش لەڕێی ئەو هێرشەوە کەفیۆرباخ کردییە سەر فەلسەفە ئایدیالیستییەکەی هیگلو لەم روەوە ماتریالیزمی بەبیرو ئەقڵ گۆڕییەوە، بەلام مارکس لەم بارەیەوە رەخنەیەکی زۆری لەفیۆرباخ گرت[٨].

۲-بیری ئابوریناسیی ئینگلیزی:

بیری ئابوریناسیی ئینگلیزی کەزادەی توێژینەوەکانی ئادەم سمیس بوو لەبواری بەهاداو بیرو بۆچونەکان ریکاردۆو لەم روەشەوە ولیەم تۆمسۆن هەولێدا ئەم بیرو بۆچونانەو تیۆریو راکانی بنتامو ئۆین لێك نزیك بکاتەوە تاکو بگا بەرژێمێکی سۆسیالیست، گرنگترین ئەو شتانە بوون کەکاریگەرییان لەسەر مارکس بەجێ هێشتووەو رۆڵێکی گەورەشیان هەبوو لەدارشتنی تیۆرییە ئابورییەکەی، بەتایبەتی سەبارەت بەکارو دابەشکردنیو ئەوەی کە بەرامبەر بەکار پێشکەش دەکرێ. ئیتر لەبەر رۆشنایی هەمو ئەمانە، مارکس تیۆریی زێدەبایی داهێنا[٩].

کاریگەریی ئەم خوێندنگە ئابورییانە لەسەر مارکس رێی لەوە نەگرت کەمارکس راستەوخۆ رەخنەیان لێ بگرێ، بەتایبەتی رەخنەگرتن لەدیدیان بۆ ئابوری کەگوایە ئابوری جگە لەگۆرینەوەی کاڵایەك بەکاڵایەکی تر هیچی تر نیە. بەبێ ئەوەی هیچ رەنجێك بدەن بۆ تێگەیشتنی پەیوەندیی نێوان تاکەکانو ململانێی نێوانیان[١٠].

۳-سۆسیالیزمی فەرەنسیو ئینگلیزی:

لەسەدەی هەژدەهەمو نۆزدەهەمدا چەند رێبازێکی دژ بەرێبازی تاکگەرایی سەریان هەڵدا بەتایبەتی لایەنە ئابورییەکەی رێبازەکە کە لەسەر بناغەی کێبرکێی ئازاد دامەزرا بوو. ئەم رێبازانە بۆچونیان وابوو کە بەبێ گۆرینی سیستمی ئابوریو کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی ریشەیی گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان بەچارەسەر ناگەن، ئەویش بۆ خۆ رزگارکردن لەململانێو پێشبرکێو دابین کردنی پێداویستییە بنچینەییەکان بەو جۆرەی کەخوێندنگە ئایدیالیستو یۆتۆپیاییەکان بەسەرکردایەتیی تۆمەس مۆر لەسەدەی شانزەهەمدا بەچاولێکەریی ئەفلاتۆن لەکۆمارە نمونەییەکەی، بانگەشەیان بۆ دەکرد[١١].

سان سیمۆن لەلایەنگرانی ڕێبازە سۆسیالیستە مۆدێرنەکان بوو کە بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد کەپێویستە بەرپەرچی هەمو جۆرە چەوسانەوەیەکی چینی کرێکار لەسایەی سیستمی خاوەنێتیی تایبەت بدرێتەوە، تەنانەت سان سیمۆن ئەوەندە رقی لەسیستمی خاوەنێتیی تایبەت بوو کەدژی سیستمی میراتیش وەستایەوە.

لەهەمان ئەم ماوەیەدا فەیلەسوفی سۆسیالیست فۆرێی پەیدا بوو کەقەیرانەکانی پیشەسازیو بەرهەم هێنانی دەرخستو ئەو زوڵمو زۆرەی سەرزەنشت کرد کە لەم بارەیەوە لەکرێکاران دەکرێ[١٢]. ئەگەرچی سان سیمۆنو فۆرێی لەسەر زۆر بنەماو ئامانج هاوڕاو هاودەنگ بون، بەڵام لەم دوو مەسەلەیەدا رای جیاوازیان هەبو:

-مەسەلەی یەکەم: لەکاتێکدا سان سیمۆن بانگەشەی بۆ رێگە چارەیەکی بەکۆمەڵو سەرتاپاگیر بۆ گیروگرفتەکانی کۆمەڵ دەکردو وەها دەیبینی کەئەم گیروگرفتانە تەنها بەپرۆژەی گەورە گەورەو پیشەسازیی گەورە لەژێر سەرپەرشتیی دەوڵەت چارەسەر دەکرێن، بەڵام فۆرێی وای دەبینی کەپێویستە گروپی لۆکالی بەرێژە بچوك بچوك پێك بهێنرێ کەژیانێکی سادە بۆ ئەندامەکانیان دابین دەکەنو زۆرتریش پشت بەکشتوکاڵ دەبەستن.

-مەسەلەی دووەم لەوە دایە کەسان سیمۆنو لایەنگرەکانی بانگەشەیان بۆ نەهێشتنی خاوەنێتیی تایبەت دەکرد، لەکاتێکدا فۆریێ خاوەنێتیی تایبەتی بەسیستمێکی سروشتی دادەناو پێی وابوو ئەم سیستمە لەگەڵ ئارەزووی مرۆڤدا دەگونجێو بەهیچ شێوەیەك گۆڕانی بەسەردا نایەت.

لەکاتێکدا سان سیمۆنو فوریێ خەریکی بانگەشەی خۆیان بون بۆ سۆسیالیزم لەفەرەنسا، بانگەشەی تر هەبو لەبریتانیا بەڕابەرایەتیی رۆبێرت ئۆین کە بەپیشەنگی سۆسیالیزمی ئینگلیز دادەندرێت، ئەویش لەسۆنگەی ئەو هەڵسوکەوتەی کەنواندویەتیو لەسۆنگەی ئەو بیروباوەڕەی کەهەوڵی

بڵاوكردنەوەی لەبریتانیاو ئەمریكا (بەتایبەتی لەویلایەتی ئیندیانا) داوە بەمەبەستی خاشەبڕكردنی ستەمی كۆمەڵایەتیو چاككردنی كرێی كرێكاران.

ئەگەرچی ئەم پێشەنگانە شتێكی زۆریان بۆ بیری سۆسیالیستی پێشكەش كرد بەڵام هیچ كامێكیان ئەو ڕێوشوێنانەیان دیاری نەكرد كەئامانجەكانی پێ دێتە دی، ئەگەرچی داواكار بون هەندێ كۆمەڵگای نمونەیی دروست بكرێ. بەڵام ئەم بانگەوازانە سەریان نەگرت چونكە ئەم بیرمەندانە ئەوەیان پشت گوێ خستبو كەناكۆكییەكی بەردەوام لەنێوان كرێكارانو خاوەنكارە سەرمایەدارە گەورەكاندا هەیەو ئەو خاوەنكارانەش بەهۆی زێدەبایییەوە سەروەتو سامانەكەیان ڕۆژ بەرۆژ زیاتر دەبوو.

پەراوێزو سەرچاوەكان:

[1] بڕوانە: جورج بوليتز، اصول الفلسفة الماركسية، ترجمة عثمان بركات، بيروت، بدون تاريخ، ص ٤٠٢.

[2] بگەڕێوە بۆ مانیفێستی كۆمۆنیست كەبانگەوازێكە لەساڵی ١٨٤٨دا ماركسو ئەنگلس لەسەر داوای كۆمەڵەی نهێنی نوسیویانە بەمەبەستی بانگەشەكردن بۆ یەكخستنی كارگەران لەهەوڵێكی چڕدا بۆ ڕوخاندنی ڕژێمە دەسەڵاتدارەكانی ئەوروپا. ئەم مانیفێستە لەوساوە بەگرنگترین دیكۆمێنتەكانی مێژوی بیری سۆسیالیستی دادەندرێت.

[3] الدكتور فؤاد العطار، النظم السياسية والقانون الدستوري، دار النهضة العربية، القاهرة، ص ٤٣٦.

[4]گرنگترین نوسینەکانی مارکس ئەمانەن: رەخنەگرتن لەفەلسەفەی هیگل، نەهامەتیی فەلسەفە، مانیفێستی پارتی کۆمۆنیست، رەخنەگرتن لەئابوریی سیاسی، سەرمایە.
گرنگترین نوسینەکانی ئەنگلسیش ئەمانەن: دژی دۆهرینگ، لودفیك فۆیەرباخ، رەچەڵەکی خێزانو خاوەنێتیی تایبەتو دەوڵەت.
5الدكتور فؤاد العطار، المصدر السابق، ص ٢٤٣.
6الدكتور نعمان احمد الخطيب، الوسيط في النظم السياسية والقانون الدستوري، دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٦، ص ١١٩.
7الدكتور محمد كامل ليلة، النظم السياسية الدولةو الحكومة، دار الفكر العربي، القاهرة، ١٩٦٧.
8الدكتور اسكندر غطاس، اساس التنظيم السياسي في الدول الاشتراكية، القاهرة، ١٩٧٢، ص٩٥.
[9]جورج بوليتسر، اصول الفلسفة الماركسية، ص ٣٨٩.
[10]الدكتور اسكندر غطاس، المصدر السابق، ص ٩٧.
[11]الدكتور ثروت بدوي، النظم السياسية، الجزء الاول، النظرية العامة للنظم السياسية، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٦٤، ص ٢٣٦.
[12]هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٧.